نەفرەنشکەنی لە "نەفرەتی نەوبەهاران"دا.. نووسینی: بەکر ئەحمەد

شارەفی ئەمە بە تایبەتی، ئاگادار هەنگاوەکت لەوی دیکەت درژتر بێت، لێت دەکەوێت. ئاگادار کەوتیش خێت دەزانی چی چاوەڕوانت دەکات."
ئامێزگاری کوڕکی پێنابەر بە خوشکەکەی

" دوای ئەوەی ئەرکەکانی قوتابخانەم جێبەجێکرد، لە ژوورەکەمدا سەمادەکەم. هەژی پشوو لەگەڵ تەدا مەلەدەکەم. هەندەک هەژی دوای قوتابخانە، یاری باسکێت دەکەم. گەر گەورەیش بووم، ئەو کاتانەی کە ئاشق بووم، بەخەم کەسێک هەڵدەبژێرم. جاخە بابە ئاگادار بە قسەی باوکی فاتمە بێت، خەزانی ئەمە خاوەنی شارەف نییە."
ئاخاوتنی کچکی کوردی نە سالە لەگەڵ باوکیدا، دوای کوشتنی فاتمە شاهیندال لە سوید.

Behind the sun یەکێک لە درامە جوانەکانی "والتەر سێلس" ی بەرازیلییە کە لە نواندنی "خوسێ دومەنت" و "رەدریگۆ سانتاریە". لە ناوچەی تەپەلکە بەرزەکانی بەرازیلدا، دوو خەزان لە شەڕکی تەلەسەندنەوەی بەمانادان لەسەر پارچەیەک زەوی. هەوداوەکان لە سەرەتای سەدەی بیستدا دەگوزەڕن و فیلم بە دیمەنی هەواسرانی کراسێک بە تەنافی مالی "برەقە"وەیە دەستپەدەکات کە کونکی تیایە و پەڕەی دەوری کونی فیشەک هەشتا سووردەنوێنێت و ڕەنگی خوین زەردهەڵگەڕاوە. کوڕی "برەقە" لەلایەن خاوەنموکی دەوەمەندی ناوچەکەوە کوژراوە و بە پێی ئەو ترادیسیۆنەی چەندین ساڵە پەیڕەوی لەدەکرێ، تا کراسی بڕی کەسی کوژراو زەردهەڵگەڕا، بکوژ ئازادە لە هەسوکەوتی ڕۆژانەیدا و هیچ ترسکی لەسەر نییە. دوای زەردبوونی ڕەنگی خوێنی سەر کراسی کوژراو، بکوژ دەبە لە ئامادەییکی هەمیشەیدا بێت تا بنەماڵەی کەسلکوژراو، تەلەی خیانی لەدەکنەوە.
دیمەنی خوێنی ژاوی ئەم تەڵە لەسەندنەوە بەمانایەی کە لەسەر وەلائی کوڕ بە باوک و پاراستنی شارەفی بنەماڵە دامەزراوە، لە ریزی وێنەی کورە کوژراوەکانی بنەماڵەدا دەردەکەویت کە بە دیواری ژووری میوانەوە هەواسراون. نەوە لە دوای نەوە، خەزانی "برەقە"ی هەژار لە دوای هەر کوژراوەکیان، دەبە کەسێک لە بنەماڵەی خاوەنموڵک

بکوژنەوە. بە بنەماڵەی ئەوبەریش ئەم نمایشە هەر هەمان شتە.

" هیچ کەس نایدەزانی لە ناو ئەو سووتووانەدا، وێنەی ژنێک هەیە، چەندین ساڵە دەسووتێت و دووبارە دەگەڕێتەوە، ژنێک لەوەوبەر لەو شارەدا مەردێکی عاشقی هەبووە، لە ساتێکی ترس و غەمباریدا ئەو وێنەیەی لەگرتووە. ئێستا ئەوە بۆتە نەفرەتێکی ڕەش ... نا کەس نایدەزانی ئەو ژنە خانمی گەلاس بووە. نەفرەتەکەش نەفرەتی خەی، نەفرەتی ژنێک پییاندەگووت خانمی نەوبەهاران."
ئەم چەند دێڕەی سەرەوە، دوا پەرەگرافەکانی ڕۆمانی " نەفرەتی نەوبەهاران"ی "بەختیار عەلی"یە کە تیایدا وێنەیەکی بەتاوانی ڕووتی ژنێک وەک نەفرەتێک لە بنەماڵە بڕدەبێت و یەک بە یەکی ئەندامانی خێزانی ژن و مێرد و نەوەکانیشیان لە بڕدەم هەڕەشەکانی مردندا ڕادەگرێت.
لای بەختیار، ڕوتیتی وێنەی ژنێک کە سەنتەری تەروانینی کولتووری شەرەفپارێزی کوردی لەدەور هەڵچنراوە، ئەو سەنتەرە گرنگەیە کە بەدەوریدا چیرۆکە دێتە گێڕانەوە و پاڵەوانەکانی ڕۆمان، هەر یەکە و لە جێگاو ڕێگای خۆیەوە، پزیشکەکانی ئەم نەفرەتی ڕوتێتییەیان بڕدەکەوێت.
لە دراماکەی "والتەر سەلس"یشدا، پاراستنی شەرەف ئەمجارەیان لە ڕێگەی ملکەچکردنەکەی کوڕانەی نەوەکان بە ئەو کولتوور و تراديسیۆنەی چەندین ساڵە پێڕەوی لەدەکرێ لەلایەن باوکانەوە لە سەنتەردایە و سەرتاپای دراماکە لەسەردرێژەپێدانی ئەم خوێنڕژییە کاردەکات.
شەرەف لە " نەفرەتی نەوبەهاران"دا لەدەوری سێکسوالێتی ژن دەسوڕێتەوە، بەڵام لە دراماکەی "والتەر سەلس"دا، تەسەندنەوە لە سەنتەردایە. بەڵام لە هەر دوو دەرکەدا، پاراستنی بەهاو پیوەرە کەمەلایەتییەکانی لەدەوری ئەم چەمکانە بنیاتنراون، هیشتنەوەی نەرم، درێژدان بە تراديسیۆن و کۆشش بە هێشتنەوەی ئەوەی دەبە بپارێزرێت لەلایەن باوکانەوە، ئەمانە ئەو جەبرانەن کە پاڵەوانەکان لە ناو داوە بینراو و نەبینراوەکانی ئەم کولتووری شەرەفپارێزییەدا دیلدەکات و هەر هاوستانوێک لەبڕانبەریدا، باجدانێکی گەورە لە تاکەکان دەخوازێت.
بە "تانیە"ی پاڵەوانی لە پشت خەڕەوە، کاتێک بڕا گەورەکەی دەکوژرێت، دەبە ئەو چەکی ئەم شەرەفپاککردنەوەیەی بنەماڵە بکاتە شان و لە هاوی کوشتنی کەسێکی دیکەی بنەماڵەی ئەوبەردا بێت. دەکرێ ئەم خوێنڕژییە بە ئەبەد بڕدەوام بێت؟ ئەوە ئەم پرسیارەیە کە لە درێژەی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی ناو فیلمەدا ، "تانیە"

ناچاردەکات ڕەگای خۆی هەڵببژێرێت.
بە "تەنیا"کانی ناو ئەفرەتی نێوبەهاران" کە پێک هاتوون لە کامیل ئاغا و براکانی، گەلاس کە لە سەرتاپای ئەماندا وەک وێنەیەک دەردەکەوێت و تا کۆتایی ئەمانیش خۆنەڕ لە گەڵ وێنەکێیدا دەژی و لە کۆتای ڕەماندا ، لە ناو نمایشکی مۆتیئاسادا کە خۆنەڕ دەخرێتە ناو کەش و هەواکێیەوە تا لە گومانکانی خێیدا بپرسێ ئەڕ ئەم گیلاسە یاخود نا، براکانی گەلاس و ئەو کەس و دەموچاوانەی دی کە لە خۆندنەوەی ڕەماندا لە کونج و کەلەبەری چەرەکەکانی ناو ئەمانەوە دێنە سەر ڕە، هەموو ئەمانە بە جۆرێک لە بەکارهێنانی سیحر و ئەفرەتی وێنەکەی گەلاس وکاریگەرییەکانیدا دەخرێنە بەردەم هەوەستوەرگرتنێک.
دەکرێ وێنە هووتەکەی خانمی نێوبەهاران ئەم ئینسانانە بخاتە بەردەم چ کاردانەوێیەکەوە؟ دەکرێ وەک "تەنیا"ی فیلمەکەی سەرەوە لە پاڵ فشارەکانی باوک و تراديسيۆندا بە چەک نەخەوێت و بەشوین تۆڵەسەندنەوەی کوشتنی براکێیەوە بێت، یان ببێتە ئاشقی کچە قەرەجێک وڵێ نەوان ڕەگای درێژدان بە کوشتن ویاخود تێکشکاندنی ئەم کێت و بەندەی تراديسيۆندا، خاڵێک لەسەر ئەم خوێنڕژییە دابنێت و شەقێک لەوە بدات کە شەرەفی بنەماڵە بە گەردنی نەوەکاندا هەڵواسێت و ئەم نمایشی خوێنڕژییە بەردەوام نەبێت؟
ئەوەی من لەم نووسینەدا بەشوینیەوەم، سەرنجدانی ئەو کاردانەوە جەراوجەرانەن کە پاڵەوانەکانی ڕەمان لە بەرانبەر وێنەکەی خانمی گەلاسدا ناچارن دەستی بە بەرن.
کولتوری شەرەف و تاوانکانی، خوێناویترین جومگەکانی ناو کولتوری کوردیێ و گەرستانەکانی ناوەوە و تەنانەت دەرەوەی ولاتیش، کوردی وەک ژنکوژێک ناساندووە. لە باری ریپەرتاژ و دەکۆمێنتکردنی ئەم کێسەدا، داتایەکی گەورە لەبەردەستدایێ و ئەم خوێنڕژییەش هەشتا هەر درێژەی هەیێ.
بە ئەدەبکردنی تراژیدیایەکی وەک ئەمە لە لایەن "بەختیار عەلی"یەوە، کاریکی چاوەڕوانلێکراو بووە و شەن و کۆوکردنی ئەم پرسیارە وەک ئەوەی هەیێ و دەبێ چەن بەی بەوانی، لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی من و زۆر کەسی دیکەدایێ.
با وێنەیەکی خێرا لە کار و کردەوەکانی پاڵەوانەکانی ڕەمان بیری خوێنەر بهێنمەوە تا مەبەستی من لە نووسینی ئەم وتارە ڕوونتر بێتەوە.
سەرەتای ئەفرەتی نێوبەهاران لە وێنەگرتنی کامیل ئاغاوەیێ بە خشتەویستەکەی خۆی.
بەهام کاتێک کەمال ئاغای برای لە دەمە قاڵەیەکی ئاسایی سەر

جادەدا، کەسێک لە خۆی ڕۆشاریەکان دەکوژرێت، ئیتر وەنەکەی گەلاسی خەزانی لەو دەکەوێت کە تەنها وەنەیەکی ئاسایی ناو سندوقی وەنە تایبەتییەکەی ئەو بێت. ئاخر ئەم وەنەیە لەلایەن یەکێک لە کارەکەرەکانی خانمەوە فڕێندراوە و لە سەودا و مامەڵەیکەی عەشایریاندا وەک کارتیکی فشار لەبەرانبەر کامیل ئاگادا بەکاردەهێنرێت تا براکەی خۆی تەسلیم بکات وبکوژریتەوە. پاراستنی شەرەف و ترس لەئابووچوون ، کامیل ئاغا ناچاردەکات تا برا بچوکی خۆی بداتە دەست بکوژەکانی.
ئەم وەنە ڕووتە، دووبارە لە پاش سووتاندنی، دەتەوە ناو ڕووداوەکان و وەک کارتێکی دیکە لەلایەن "خانی زەرد"ەوە بەکاردەهێنرێت تا کامیل ئاغا بکرێ بە جاش. ئاخر پاراستنی شەرەفی خۆ: لە شەرەفی ئەم میللەتە بەرەحمە باشترە.
ئەم وەنەیە زیندوو دەبێتەوە و ئەمجارەیان دەکرێتە فشارێک لەسەر بنەماڵەی کچ، واتا براکانی گەلاس. کاردانەوەی ئەمان لەبەرانبەر شەرەفنەچوونیانداا، شاردنەوەی خوشک و بلاوکردنەوەی هەوالی مردنی ئەوە. تەنانەت ناشتنی جەستەیەک کە گوایە خوشکیانە.
ئەم وەنەیە زیندوو دەبێتەوە و لەلایەن حاکمی سەربازی شارەوە بەکاردەهێنرێت بۆ مۆبیلیزەکردنی چەکدارە کوردەکان تا لەبەرانبەر دژەشۆشەکانی دەوڵەتدا باشتر بجەنگن ئەگینا ژنەکانیان لاقەدەکرێت.
پاڕەوانێکی دیکە کە کاردانەوەیەکی دیکە لەبەرامبەر وەنەی ڕووتی خوشکەکەیدا نیشاندەدات، زیائەدینی نەوبەهارانە. ئەو لەبەرانبەر وەنەی ڕووتی خوشکەکەیدا دەستدەداتە دروستکردنی شارەک کە ژنان هیچ شوێنکیان دیارنەبێت:" تا ژن هەبێت و یەکێک جلەکانییان لەبەردابکەنێت، شەرەفمان لە مەترسیدایە"
لای "مولازم حەسە"، ئەم وەنەیە دەکرێتە کارتی فشار لە شاری ناوخۆدا تا برا دیلەکەی و دوو کوری "زوهێر مەسە" لە دەستی "شەمدینی کامیل ئاغا" دەربهێنێت و ژیانێکی دیکەیان پێببەخشێتەوە. " لەم جەنگەدا هەموو سنووڕکمان پێشێلکردووە، تەنیا ئەم سنووڕە ماوە، وەنەی ناوگەڵی یەک بلاوبکەینەوە"
لەبەرانبەر ئەم کارتی فشارەدا، "شەمدینی کامیل ئاغا"ش دەکەوێتە گرتنی وەنەی ڕووتی ژنانی جەنگاوەرانی بەرانبەر و وەک دژەهەڕەشەیەک بە پاراستنی شەرەفی خۆو ڕاوستانەوە لەبەرانبەر داواکەی "مولازم حەسە"دا، بەکاری دەهێنێت.
دواجارخانمی ڕووتی ناو وینەکەی ڕەمان، بە گەشت و خوێنی خۆیەوە لە ماڵی حەوت خانمدا، لەگەڵ دەستە خوشکەکانی دیکەی ناو مالدا، وینەی ئەو پیاوانە دەدەنە دەستی پۆلیس کە بە ڕووتی ولە کاتی سیکسدا لە ماڵی حەوت خانمدا گیراون . لەگەڵ ئەم دیمەنەدا، ئیتر تەنها

جەستەی رووتی ژن نییە کە بانگەوازی پاککردنەوەی شەرەفی لەدەستچوو بە دەنگی بەرزبە گویی هەموانداداتەوە، بەڵکو وێنەی رووتی پیاویش لە شوێنکی واهیدا، هەموو کەد و بەها سیمبۆلییەکانی شەرەف چالاکدەکاتەوە.
ئەم کاردانەوانەی پالەوانکان لە خەیانی نیشاندەدەن، هەر هەموویان لەناو کەد و سیستەمی بەهای کولتوری شەرەفدا دەن و دەچن و کارو کاردانەوانکانیشیان ئەویە کە ئەم سیستەمە بەرهەمیهێناوە، رەفتارنواندنک کە کولتوری شەرەف دەنگرەژی کردووە. بە کورتییەکەی: کاتک شەرەفت کەوتە مەترسییەوە، دەبە بەو شیوازە رەفتار بکەیت کە شەرەفپارێزی وپاککردنەوەی شەرەف لەتدەخوازێت.
بەهام کەریم ئاغای برای کامیل ئاغا، ئاوگەڵک بەم سووراندنەوە هەمیشەیی زەربەی پالەوانکانی ناو دەماندا دەهێنێت کە لەناو هەمان کەد و ستەرکتەرکانی کولتوری شەرەفدا دەسورێنەوە و کاردانەوەیکی دیکە پیشاندەدات. ئەو لە پاش ئاشبەتاڵی 1975دا وزانینی نهینی وێنەکەی براژنیدا، دەکەوێتە دەخکی تایبەتەوە:" ئەستا پیاویکی بەشەرەفم، نەخەم، نەخەزانکەم، نە عەشرەتکەم، نە نیشتیمانکەم، شتکمان نەماوە شانازی پەوە بکەین... ئەستا تەواو پیاوکی بەشەرەفم". ئەو بەم هەستە جەشدارانەوە کە تیایدا بیشەرەفی خە ئەو پردەکات لە هەستی نەبوون، دەداتە شاخ و گەرانەوە بە دیهاتە کۆنەکەی خەیان و پشتدەکاتە کەمالگا.
کەریم ئاغا لە شاخدا، لەگەڵ دیوزمەکانی ناو ناخی خەیدا دەکەوێتە جەنگکی دەروونی گەورەوە. ئەم جەنگە هەموو شەوک لە شکڵی کەسکی نەناسراودا کە لەسەردانی هەمیشەیی خەیدایە بە لای کەریم ئاغا تا بیخاتە سەر کەلکەڵەی کرینەوەی شەرەفی بنەماڵە: "هەمان یاری لەگەڵدا بکە!هەمان یاری. ژنکەی یان کچکەی بەفڕێنە، هەمان وێنەیان بگرە" بەهام سەرنجڕاکیش ئەویە کە کەریم ئاغا لەم جەنگەدا دەیباتەوە و دوا بەیاری خەی دەدات:" پیاوکی بەشەرەفم لەناو خەڵککی بەشەرەفدا، سەر بە عەشرەتکی بەشەرەف لەناو سەدان عەشرەتی بەشەرەفدا" . بەیە بەیاری ڕاوستانەوەی لەبەرانبەر ئەم بەشەرەفییەی خەی و کەمالگاکەیدا دەبەتە:" دەهەم بە ناو سروشت، لەوە هەموو شتک لەیاددەکەم". کەریم ئاغا لەم هەوڵستواندنەوە و کاردانەوە جیاوازەی خەیدا لەبەرانبەر کولتوری شەرەف و دەستنەبردن بە کوشتنەوەی ئەو کەسەی کە لە ئەتکردنی شەرەفی بنەماڵەکەیاندا بەشدار بووە، لە ڕێگەی نامەیکی زەر کورتەوە بە نەوکانی گەلاسی نەوبەهاران، پەیامی ڕەمان بە گوە خوەنردا دەدات: " بە بە ئازادی شەرەف بونی نییە" .

تاوانی شەرەف و ژنەمێ جەندەری کوردستان

لە هیچ زمانێکی جیهانیدا کە تیایدا چەمکی کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف بڕەوی هەیە، بەقەد زمانی کوردی بنەما و تەنانەت هەکاری ئینجامدانی ئەم کارە نەشن نییە. لە کەمینگای کوردیدا پیاو، جا باوک بێت یان برا یان ئامۆزا یان هەر نزیکێکی تری نێر کە لە ئامادەنەبوونی ئەو کەسانەی تردا دەکرێت بەڕێی پارێزەری شەرەف ببینێت، هەڵدەستێت بەم تاوانە تاکو شەرەفی خۆی و بنەماڵە بکاتەوە. ژنی کوژراو ئەو کەسە بوو کە ئەم شەرەفەی هەرزان فرۆشکرد، بۆیەش بە کەینەوەی دەبە نرخێکی گرانتر بدرێت کە بە هیچ شتێکی تر ناپوورێت، ژیانی خودی ئافرێت نەبێت. ئەوەی ئەم پرسەی کەین و فرۆشتنەی لەسەر ئینجامدەرێت، سێکسوالیتێتی ژنە. بە پێی ئەو سیستەمە فیکرییەی کە دەسەڵاتی جەندەری لە خەرەلاتدا کاری لەسەر دەکات و تەواوی بەهاکانی نێزلێگرتنی ئینسانی لەسەر دادەمەزرێت، کە تیایدا بە پلەی یەکەم ئەو ئینسانە پیاوە، سێکسوالیتێتی ئافرێت خاڵی سەنتەر و بگرە تەواوی بنەماکانی نێز و حورمەتی پیاوی لەسەر ڕاگیراوە. بە پێی ئەم دەستگا فیکرییە، هەر پەیوەندییەکی جنسی ئافرێت لە دەرەوەی ئەو نەرمەی کە خەزانە، مانای پیسکردن و لەکەدارکردنی شەرەفی پیاوە. ئەم کردەوە سێکسییە لە پلەی یەکەمدا گرنگ نییە کە لە باری فیزیکییەوە ڕووی دابێت. واتا هەر جووڵەیەکی ئافرێت، نیگایەکی ئەو کە بۆنی سێکسی لە بێت، کافییە بۆ ئەوەی کە بە مانای لەکەدارکردنی شەرەفی پیاو لەکبەدرێتەوە. تاوانی شەرەف کە لەم سیستەمە جەندەریەدا بەرهەمدەهێنرێتەوە ، هیچ شتێک نییە جگە لە کەشفی ئەم دەسەاتە بە کەنترۆکردنی سێکسوالیتێتی ژن. ژن لەژێر کاریگەری ئەم دەسەاتە جەندەریەدا ، ئەو کەسەیە کە خەی خاوەنی جەستەی خۆی نییە و هەر بۆیەش سێکسوالیتێتی ئەو و بۆیاردان لەسەر کردنی ئەم کارە دەخرێتە دەستی پیاوانی خێزان و هۆز و خێڵەوە. بەڵام پیاوی ئینجامدەری تاوانی شەرەف هیچ شتێک نییە جگە لە ئامرازێک. تاوانباری ڕاستەقینە ئەو فشارە گەورە کۆمەاێتییەیە کە ئەم سیستەمە لەدەرەوەی تاکەکان دروستی کردووە و تیایدا هەموو ئاراستەکان ڕووبەڕووی ئەو پیاوە کراوەتەوە کە ژنەکەی، خوشکی یان دایکی شەرەفی ئەوی دەاندووە و پێی دەڵێن: بۆ شەرەفت بکەرەوە. ئەوەی کە تایبەتمەندی تاوانی شەرەفە و ئەم تاوانە لە کوشتنی پیاوێکی سویدی بە ژنەکەی جیادەکاتەوە، کاریگەری ئەم دەسەاتە جەندەریەیە لەسەر ئەو تاکانەی تری کەمەگا کە ڕەنگە نزیکایەتییەکی ئەوتەیشیان لەگەڵ بنەماەی پیاوەکەدا نەبێت. فشارێک کاتێک هەست

بە ڕوونی و دڵنیایی دەتوانێت ئاهەنگ هەبکێشێت و سەربەرزانە بە کۆمەڵگادا بگەڕێت کە تاوان ئەنجامدراوە. پیاوی تاوانی ناموسی لە شەڕانییەکی گەورەی دەروونیدا ژیان بەسەر دەبات کاتێک ژنەکی نزیکی خێی شەرەفی پیاوانی بنەماڵە دەخاتە مەترسییەوە. ئەو ژن دەکوژێت بۆ ئەوەی شەرەف بگەڕێتەوە و باڵانسی ڕۆحی خێی وەربگرێتەوە. ئەو سەرشۆڕترین پیاوەکانی کۆمەڵگایە و دەکوژێت بۆ ئەوەی سەربەرزکاتەوە. کاتێک لە وشەی "سەربەرزکاتەوە" ووردەبینەوە ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت ئەم پرسەی سەربەرزکردنەوەیە کاردانەوەیەکی تاکگەرایانەی پیاوکوژنییە. بۆیە لەبەرانبەر کەسانێکی تردا سەری خێی بەرزدەکاتەوە کە تاکو ئەنجامنەدانی تاوانێک بە ئینسانێکی بە شەرەف و سەرشۆڕیان لەقەڵەم دەدا. هەربۆیەش لە پرسەی سەربەرزکردنەوەی تاوانباردا، ئەمە خۆمان لەبەرانبەر یەکێک لە هەرە تایبەتمەندییەکانی تاوانی شەرەفدا دەبینینەوە کە لە تاوانی تری کوشتنی ژناندا وەک بەتایبەت لەو شوێنانەی کە چەمکی شەرەف لە سێکسوالیتی ژن جیاکراوەتەوە، بوونی نییە. ئەم تایبەتمەندێتییەی تاوانی شەرەف ئەوەیە کە ئەمە هەوبەوەی کۆشێک نین کە لە نێوان دوو تاکی کۆمەڵگایەکدا بێت و لەسەر کۆشێکی تایبەتی بە کوشتن تەواو بێت. بۆیە ئەمە لەبەرانبەر تاوانێکداین کە تایدا ژن وەک تاک لەبەرانبەر سیستەمێکدا ڕاگیراوە. تاوانی شەرەف کردەوەیەکی تاوانکارانەی تاک نییە لە بەرانبەر تاکێکی تردا. بۆیە تاوانی شەرەف کردەوەیەکی کۆزەرانەیە کە تایدا سیستەمێکی گەورە لەبەرانبەر تاکێکدا سەنگەردگرێت و بەیاری مەرگی بەسەردا دەبارێنێت. ئەوەیشی کە ڕەهەندی کولتوری بەم تاوانە دەبەخشێت، بە کۆمەڵایەتیکردنی چەمکی شەرەف و چەکردنەوەی ئەم چەمکەیە لە سێکسوالیتێتی ئافرەتدا کە سەرتاپای کۆمەڵگا دەتەنێت و بە شێوەی تێکی گەورە ئینسانەکان لە ناوخۆیدا یەخسیر دەکات. لەو کۆمەڵگایانەدا کە تاوانی شەرەفی تێدایە، ئەمە شایەدی بۆهایەکی تر و پێناسەیەکی تری شەرەف نین کە لە سێکسوالیتێتی ژنان جیاکرابێتەوە. پیسترین و ناشیرینترین جنێوەکانی ئەم کۆمەڵگایانە بە کۆمەڵگای کوردیشەوە، ئەو جنێوانەن کە دەبە دایک و خوشکی کەسی جنێوپێدراو بگرێتەوە. بەمە ئینسان لە ناسکترین تاکانی هەستی ئەو کەسە دەدات کە هەموو حورمەت و ڕێزی خێی لەو شوێنەدا کەدەکاتەوە کە کەسی جنێودەر لە ڕۆگەی جنێوەکانییەوە بەنیازە پیسی بکات. لە کۆمەڵگای کوردیدا هەتا ساتە وەختەکانی ئێستاکەش شەرەف و سێکسوالیتێتی ژن بەجۆرێک بەناو یەکدا چوون کە مەحاڵە لەیەکتری جیابکرێنەوە.

سەرتاپای ڕەمانی "نەفرەتی نەوبەهاران" نمایشکردنەکی هوون و ئاشکرای ئەم کاریگەرییەی سیکسوالیتەتی ئافرەتە کە لە جەستەی ڕووتی ئەودا، هەموو لایەنە دڕگیرەکان کە لە خزم، بنەماڵە، سیستەمی داد ، پۆلیس، هێز، دەستگای جەنگی کەمڵگا و پیاوانی ئاین پێکهاتوون، هەمووبان لە بەرانبەریدا لە کارو کاردانەوەی خۆیاندان تا ئەم شەرەفە لەکەدارکراوە بکەدرەتەوە، کەسانی دی پێوە بکوژرێت یان شەرەفی ئەوانی دیکەی پێلەکەدار بکەن.

لە کاتێکدا لە بەرانبەر نەفرەتی ئەم جەستە ڕووتەدا: " بە بە ئازادی شەرەف بونی نییە"، دەبێتە شا پەیامی ڕەمان ولە ناو تەمومژەکانی ئەم دەربڕینە شیعارئامێزەدا، ئەوەی کە کرێکی ئازادبوونی ئەم جەستە ڕووتەیە لە دەست جەبرەکانی سیستەمی شەرەف، ئەوەی کە ئەم نەفرەتە لەشوێنەکدا تێکبشکێنرێ، ئەوەی کە ئەم وێنە ڕووتە چەندبارە سووتێنراوە توانای گەرانەوەی نەبە وقوربانی دیکە نەچنێتەوە، لە گرەوی بەدەستهێنانەوەی ئازادی ئەم جەستە ڕووتەدایە بە بوونەوە بە خاوەنی خۆی کە کولتوری شەرەف، دەمەکە خاوەندارێتی ئەوی لەو سەندۆتەوە و داویەتی بە کەسانی دیکە.
بەکورتییەکەی، بە ئەوەی ئازادی بەدەستهێنانەوەی خاوەندارێتی بە جەستەی خۆ و سێکسوالیتەتی خۆ، ئازادبوون لەدەستی بەهاو پێوەرە کەمڵایەتییەکانی کولتوری شەرەف، نمایشکی زەقتری ناو ڕووداوەکانی ڕەمان بێت، بە تایبەت لەبەرانبەر خەڵی شەرەفپارێزان و ڕووداوە خوێناوییەکانی ناو چیرۆکدا کە گەورەترین هووبڕەکانی ناو لاپەڕەکانی ڕەمان داگیردەکەن، دەبوا دەنگی ئەم ئازادییە، ئازادی خاوەندارێتی بە جەستەی خۆ، بەجیا لە وتنەوەی تاکە دیالێک: " بە بە ئازادی شەرەف بونی نییە"، جێگایەکی لە ڕەماندا پەیدابخشرایە، کە جێی داخۆ بە تەواوەتی ونە. ئاخر ئەگەرئازادی چەند چەمکێکی بەرین و گشتیگیر بێت و چەندەها پێناسە لەژێریدا جێگای بێتەوە، ئەوا لە پێوەند بە کولتوری شەرەفدا، مانایەکی دیکەی نییە جگە لە ئازادی بەدەستهێنانەوەی جەستە و سێکسوالیتەتی خۆ. ئەوە لەگەڵ بەدەستهێنانی ئەم ئازادییەدایە کە سەرتاپای سیستەمی شەرەف بە مانا کوردییەکەی، هاوەدەکات. لێرەدایە کە نەفرەت چیدی ناتوانێ نەفرەتێکی ئازاڵی بێت و وێنەی هووت دەکرێ تەنها وێنەیەکی ئاسایی جەستەیەکی هووت بێت و بنەماڵە و هێز و نەتەوە ناتوانن چیدی زمانحاڵی خاوەندارێتی خۆیان بە وێنە و جەستەکەی بە ئەرکی خۆیان بزانن.
بەڵام ئایا ئەمە داواکردن نییە لە بەختیار بەچی ئەم دەنگەی کە یەکێک لە پاڵەوانەکان ببێتەوە بە خاوەنی جەستەی خۆیی و ئەم

چەندبارە بونەوەیی وەنەیەکی رووت ساکان نەبزینەت و لە شونکدا ماناکانی خی لەدست بدات، وەک داوای ئەلتەرناتیڤکردن لە بەختیارلکنادرتەوە؟
بە بەوای من، ئەمە لە کەمالگای کوردستاندا، شایتی خونەاویترین کیسکانی کوشتن و شرفشکاندین کە هیچیان لە چارنووسی پالەوانکانی ناو رمان کمتر نین. تەوزیفکردنی ئەم تراژیدیا خوینەاویی کەمالگای کوردستان لە ئەدەبدا بەو شیوازی کە لە کەمالگادا هەیە و نەبوونی نیگایەکی دیکە کە تەواو پچەوانەی بەها و پەورە کولتوریکانی بەرهەمهنانی نفرتی نووبەهارانە، ئەرکی نووسرە و لە پیوەند بە توانا و لیهاتوویکانی بختیاردا، چاورواندکی هتا بیی سادیە.

بەختیارعەلی و کارل یوهان ئالمکڤیست

سای 1839 ی سویده، "سارا"ی کچی کابرای شووشەچی لە کەشتیەکی نەوان (ستکهەم) و (لیدشپین)دا موسافیره. ئەم سفرە چند رژکی پیدچت و بە هەی درژی سەفەرەکەوە، پەیوەندییەکی خشەویستی لەگە سەربازکی سەر کەشتیەکەدا پەیدا دەکات. کاتک دگانە دوا ویستگەی خیان، "سارا" داوا لە "ئەلبیرت" دکات کە ئەم پیوەندییان بخنە فازکی ترەوە و بیکەوە بژین. ئەو دتوانت بگوزتەوە بە مالی "سارا" و درژە بەم پیوەندییە خشەویستییە بدن. "ئەلبرت" لەسرگژیکی سیردا تیا دمنت و دپرسە: دکرە دووکس بە گربستی هاوسری و مارکردن لە کلساداً، بچنە پرسی هاوسرگیرییەوە؟ ، "سارا" لە وەامدا دەە: بەە دەبە.
"بەە دەبە" ناونیشانی رمانە بەناوبانگەکەی نووسەری سویدی" کارل یوهان ئالمکڤیست"ە لە سرتاکانی سدەی هژدەدا. بەلام کاردانەوەکانی کەمالگای کنسیرڤاتیڤی ئەوسای سوید، وەلامکی تووند بەم رمانە بچووکە دداتەوە و بانگەوازی: نەخر نابە، دبتە مانیفستی دژە دنگی "سارا"ی "ئالمکڤیست".
ئەوەی "ئالمکڤیست" لە رمانی"بەی دبە"دا دیکات، سرنجدانە لە خشەویستی، لە سیکس لەدرەوەی خزان و هاوسرگیری لەدرەوەی کلساداً، بەلام بە گشنیگایەکەوە کە تەواو پچەوانەی ئەو نرم و بەها زالانە بوو کە لەسردەمکەی ئەودا لە ئارادا بوون. گشنیگایەک کە سەد سا لە دوای مرگی خیەوە، دبتە نرم وبەها و کولتوری باوی کەمالگا.

بەختیار لە "نفرتی نووبەهاران"دا، دکرا و دیتوانی کەمالگای

کوردی، لە رەگەی یەکیک لە پالەوانە کچەکانی نەو ەماندوە، لە رەگەی ئازادی جەستەیەکەوە کە دەتوانە رووت بێت وەک ئاماژەیەک بۆ پراکتیزەکردنی رووت و ئاشکرای ئازادی، وەک دەنگێک لە دژەوەی بۆها وسیمبوە و کەدەکانی باوی شەرفی کوردییەوە، بانگبکردایەتە ئایندەیەکەوە کە نەفرەتی نەوبەهاران، چیدی نەفرەتێکی ئەزەلی نەبێت.

دوا وتە

بە "تەنە"ی دراماکەی "والتەر سەلس"، وەختێک لە عاشقبوونیدا بە یەکێک لە کچە قەرەجەکانی ئەو خەڵە قەرەجەی بارگەیان لە شارێکی نزیکی کەلگەکانی ئەوانەوە هەڵداوە، بەجارێک سەرقاڵ دەبێت کە پاراستنی خۆی و براکەی بە تەواوەتی لە بیر دەچێتەوە. تا لە کۆتایی فیلمدا، بنەماڵەی خاوەنماڵک زۆفەر دەنن و برا بچووکەکەی دەکوژن. ئەو ملکەچ لەبەرانبەر باوکدا دووبارە هادەوەستێتەوەو دەبە چەکی تەڵە بکاتەوە شانی. وەختێک دەگاتە سەر دووریانی بارە و ماڵی خاوەنموڵک رەیشتن تا تەڵەی برابچووکی خۆی بکاتەوە یان ێگای بەشوین خەڵەی قەرەجەکاندا بگرە کە بارگەیان بارەو شوێنکی پەچاوەتەوە، ئەو رەگای دووهەمییان هەڵدەبژارێت.

وەختێ منیش لەگەڵ کچەکەمدا دەکەوینە گفت و گۆ، بە تایبەت کاتێک هەردوولامان هەمان کتەبمان خوێندبێتەوە تا لە تێگەیشتنی ئەوەوە تەروانینەی خۆم بە کتەبەکە فراوانتەر بکەم، لێیدەپرسم: دوای تەواکردنی" نەفرەتی نەوبەهاران"، چی دەبینێ؟ ئەو چاوەکانی دادەخات و دەڵێ: " من ئێستا کچێکی بالابەرزی کراس گوڵگوڵی کاوبە لەبەر دەبینم کە گەیشتێتە قەڵەباغترین شەقامی شار. ئەو سەرنجی هەموو ەبەوارانی شەقام بەلای خۆیدا هادەکێشێ. لە شوێنکدا کە ناوەراستی گۆڕەپانەکەیە، رادەوەستێ و لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێ. لە تەنیشت شەستەی نزیکی هاوەستانی ئەوەوە، پیرەمەدکی پاکەتفرۆش دانیشتووە. لە روخساریدا، دەڵەی هەموو مەینەتەکانی سەدەی لە چرچ و لۆچی دەموچاو و دەستەکانیدا، هەڵگرتووە. کوڵک لەبەرانبەریدا چەماوەتەوە و داوای پاکەتێکی جگەرە دەکات. دەنگدەنگی ناو شەقامەکە تا بێت بەرزو بەرزتر دەبێتەوە. چاوەکان دەچنە سەر کیژی هاوەستاوی ناو جەرگەی بازاڕەکە. ئەو دوگمەی دووەمی کراسەکەی کردەتەوە وکەمێک لە ستیانەکەی دەبینرێ. پاش کردنەوەی قەپچەکانی سەردەستی، بە هەواشی، بگوێدانە قەڵەباغی شەقامەکە، کراسەکەی دادەکەنێت و لە نزیک پەلاوەکانییەوە دایدەنێ.
" بسمیللا، کچەکەم ناکرێ خوا عەقڵی لەسەندبیتەوە؟ ژنێکی

عەبابەسەری نەو حەشاماتەکە وادەڵێ. "قەحبەی رووداریشمان بینی"، دەنگێکی دیکەیە و بەجارێک دەیەها تا زۆرترین کەس بیبیستێ. دەنگە دەنگی ناو گۆڕپانکە لە هەڵکشاندایە. ژنێک عەباکەی سەرسەری خۆی دادەکەنێت و بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە کچەکە و دەیەوێ جەستەی روتی کیژەکە دابپۆشێ. کچەکە عەباکە لەخۆی دەکاتەوە و هەنگاوێک لە شوێنەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە. دەستەبات و دووگمەی کاوبۆکەی دەکاتەوە و بە هەواشی پانتاڵەکەیشی دادەکەنێ و دەیخاتە سەر کراسەکەی. کەمێک ژن لەی نزیکدەبنەوە و دەیانەوێ دووری بگرن و لە چاوی حەشاماتەکەی دوور بخەنەوە. کچەکە بە قاڵەمبازێک خۆی لە بازنەی ژنەکان دەردەنێت و چەند مەترێک لەولای ئەوانەوە بە روتی ڕادەوەستێ. ئەستا ئەو تەکستەی کە بە ڕەنگی سوورلەسەر سنگی نووسراوە، بەتەواوەتی دەبینرێ. لە تاتوویەک دەچێ کە خەشنووسێکی بە توانا نووسیبێتی.
" دەورگرتنی چی، ئەو قەحبەیە هەنگێ ئەستا لایەکیان بە کردبێتەوە و کەس بەی پەخشدەکات. ئەو نایەوێ نەبینرێ. کاری ئەم دەمەقەڕە هەک ئەویە، ئەوە عەزیەتی خەتان بە دەدەن؟" ، پیاوەکە و لەگەڵ ئەو ژنانەدا دەدوێ کە لە شەڕانی خەیاندا نازانن چی بکەن. بازنەی دەوری کچەکە پەڵە لەو دەستەبەرزراگیراوانەی کە کامەرای تەلەفۆنەکانییان کردووەتەوە و فیلم و ڤیدیۆی ماجراکە دەگرن. تەنانەت کوڕەی پاکەتکەی بەردەمی پیرەمێردەکەیش لە سەرقاڵی وەنەگرتنی خەیدا ئەوەی بیر نییە کە خەریکی کرێنی جگەرە بووە و پیرەمێردی لە پشت خەیەوە لەیادکردووە. پۆلیسەکان دەن و بە پەڵە کچەکە دەخەنە ناو سەیارەکەیانەوە. لەناو تاریکی سەیارەی پۆلیسەکەدا، تەکستی نووسراوی سەرسینەی کچەکە دەدروشێتەوە و دەڕەی بە بەیەیەکی وا نووسراوە کە لە تاریکیدا زیاتر ببینرێت. لەناو غەبەغەبی هەبوارانی سەرشەقامدا کە هەریەکە و لەگەڵ کەسی تەنیشتیی خۆیەوە لە قسە و باسی ئەوەدان کە چی ڕوویدا و کچی کە بووە…، کوڕەی پاکەتکە، ڕووەکاتە پیرەی پاکەتفرپش و دەڵێ:" ببوورە مامە گیان! چەند دیمەنەکی سەرنجڕاکێش بوو، تکایە چەند دەکات؟ پیرەمێردەکە دەڵێ:" من لەبەر قەڵەباغییەکەی دووری کچەکە نەمتوانی ئەوە ببینم لەسەرسنگی ئەو نووسرابوو، دەکرێ پەمبەیی چی بوو؟
کوڕەکە مەبایلەکەی دەردەهێنێت و بە پەنجەکانی وەنەکە گەورەتر دەکات ودەڵێ: " من خاوەنی جەستەی خەمم. من بەیاردەدەم چۆن ببینرێ و کە بیبینێ. تە ئەگەر بە جەستەی ڕووتی من دەروونت گەدەگەڵ و پەدەبی لە نەفرەت، دەکرێ چاوەکانت دابخەیت. من بەرپرسیاری بینینی تە نیم. ئەوە تەیت خاوەنی چاوەکانی خەتیت، منیش خاوەنی جەستەی

خەم، لە ژێر تەکستەکەیشدا نووسراوە، زەزان گەلاس." پیرەمێردەکە زەردەخەنەیەک دەکاتە سەر ڕووخساری وچاوەکانی پەنهانبەت لە فرمێسک." کوڕم بۆ و داوەتی منی". هەرزەکارەکە دەستی مامە پیرە دەگوشێت و دەڵوا. پیرەمێردەکە لەبەرخۆیەوە ورتە ورتی دێ." دەکرێ چاوەکانت دابخەی، دەکرێ چاوەکانت دابخەی"

کۆمیدیای ڕەش چیە؟.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

دونیام زۆر کەس دەزانێ کۆمیدیا چیەو لەژیانی ڕۆژانەشیدا ڕووبەڕووی زۆر لە دیمەنە کۆمەدیاکانی ناو کۆمەڵگاکەی خۆی و دەوروبەری بەتاوە و چەژی لە بینیووە، بەڵام کەمتر لە دەستواژەی (کۆمیدیای ڕەش) تێگەیشتووە، کە ئاویش هەر پارچەیەکە لەکۆمەدیا بەڵام بە فۆرم و فەلسەفەو ئایدیایەکی تر .
بەیە بەڵامەوە گرنگ بوو کەم و زۆرێك تیشك بخەمە سەر چەمکی ئاوجۆرە کۆمیدیاەو بزانین چەمکی کۆمیدیای ڕەش چیەو جیاوازییەکانی لەگەڵ (کۆمەدیای جاد) بە گشتی چیە؟
ئایا لەهونەری کوردی دا شتە هەیە بەناوی کۆمیدیای ڕەش ؟
ئەگەر هەیە ئامانجەکانی چین ؟
کۆمەدیای ڕەش مەژوویەکی درێژی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانیەکان و ڕۆمانییەکان، بۆ ئاو کاتی نمایشە شانۆییە کۆمەدیەکان، بەدیمەنە سەرەو ژێرو ئیسوا کارەکان، خەڵکیان دەهنایە پێکەنین و ڕەخنەیان لەدیاردە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمی خۆیان دەگرت.
دواتر لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، ئاو دەستواژەیە لەو سنوورە دیاری کراوە زێتر پەڕەی سەندو ئاو قۆناغە گەشەوانەی کەتایەکانیان بەگۆشینی و بەختەوەری دەهات، ناوی قۆناغەی کۆمەدی ئاشیان لە دۆنا، وەك شاکارە مۆزەکەی (دانتی) کە بەناوی کۆمیدیای خواوەندی ناسراوە.
وەزیفەی کۆمەدیا و فەلسەفەی کۆمەدیا لە هەموو سەردەمەکاندا، هەمیشە دەربڕینی واقعی کۆمەڵایەتی گەلان بووە، بەتایبەت ئاوە ناشیرینەکانی ئاو کۆمەڵانەی کە دەکران بەسەرچاوەی گاڵتەجاڕی و

خەکی بە هەس و کوتە ناشیرینیەکانیان پێدەکەنین، بۆ ئامانجی ئەو کەسانە خۆیان لەو خەستە قەزوەنانە بەدوور بگرن کە ببنە مایەی گاتەجاری خەکی.
لەسەردەمی یونانی کۆندا شانۆگەریەکانی (ئەرستۆفانس) باشترین نموونەی کۆمیدیا بوون، دواتر ئەو هونەرە بوو بەهونەرکی خشۆیست لای ئەوروپیەکان، بە تایبەت لە ئەمریکاو ئینگلتەراو فەرەنسا و ڕوسیا، لای شکسپیرو مۆلیرو چیخۆف و گۆگول بە شێوەیکی بەربڵاو لە هەموو جیهاندا پەرەی سەند.
ئیدی ئۆگەر بمانەوێت بە ڕاگو ڕاچەکی کۆمیدیا دا بچینە خواری، پێویستیمان بەکاتی زۆتر دەبێت، بەڵام ئەوەی ئێمە ئامانجمان بوو لەئێستادا قسەی لەسەر بکەین (کۆمیدیای ڕەش) بوو، کە ڕەنگە لای زۆرێك لە خوێنەران ڕوون نەبێت.
کۆمیدیای ڕەش چیە؟
کۆمیدیای ڕەشیش هەر کۆمیدیا گشتیەکەیە، بەڵام بەفۆرمکی جیاوازو لەناوەڕۆکدا ئاراستەیکی تۆنز ئامێزی هەیە، بە ئەو بابەتانەی بەفۆرمکی گاتەجارانە پەردە لەووی پرسکی کۆمەڵایەتی لادەبەن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا جددییەتی بابەتەکە دەپارێزێت، بەیەکگریانی ناو پێکەنین ناونراوە.
لەو نمایشانەدا، بینەر لەگەڵ تۆنزکانیدا دەکەوێتە ناو ئەتمۆسفیرکی پڕ لەپێکەنین، بەڵام لە ناخیدا دەگری بە ووداوە جڕگ بڕکان و واقیعە تاڵکان .
لەکۆمیدیای ڕەشدا، بینەر یا خوێنەر واقعی تاڵی کۆمەڵگایەك بەووتنی دەبینی، یا کاریکاتیرکی هەمادارونمایشکی پڕ لەمەرگەسات، بە فۆرمکی پڕ لەپێکەنین، پێکەنین لە بزووتنەوەی ئەکتەر، لەجلوبەرگی، لەهەڵسوکەوتی شێتانەی، لە دەبەنگی سەرمایەدارێك، یا دکتاتۆرێك، وەك بینەر لە گۆیدا پێدەکەنی، بەڵام لەو پێکەنینەدا پەیامێك دەگەیەنی ـ
جیاوازی نێوان کۆمیدیای ئاسایی و کۆمیدیای ڕەش لەوەدا دەردەکەوێ کە هەردوکیان لەو پەیامەدا دەست نیشانی واقعێکی ڕەش دەکەن، گەمژەیی و بە ئاگایی دەسەاتێك لەژیانی کۆمەڵگایەك بەرجەستە دەکەن، بە ئەوەی دەسەات لەووشی نالەباری کۆمەڵگایەك بەئاگا بینیتەوە، بەڵام بەفۆرمێك بینەر تێدا نەکەوێتە ژێر بارکی قورسی دەروونی کە ئازاری پێوە بخواو دووچاری گرێیکی دەروونی بێت.
لەکۆمەدیای ڕەِشدا دەرخستنی حاڵەتە تراژیدیەکە ئامانجە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێکەنین دایدەپۆشێ، وەك ئەوەی هیچ کێشەیك لە واقیعەکەدا نەبێت و تە تەنیا بە کات بەسەر بردن هاتبیتە ناو هەڵکەوتەکە.. کە دەگەیتەوە سەر کرکی بابەتەکە بێت دەردەکەوە لەپشت

ئەو دیمەنە کۆمەدیە گاڵتە جاڕیانەدا ئامانجی گەورە خەیان حەشاردراوە، کە پێویستە تەوك بینەر، یا خوێنەر، بەدوای دەزینەوەی فەلسەفە شاراوەکەدا بگەڕێ تا دەیدۆزیتەوە.
لەهونەری کوردی داو بەتایبەت لەدراماو شانۆدا، دەرهێنەرانی ئەم توانایەکی زۆریان نیشان داوە لەشانۆو درامای تەنز ئامێزو کۆمیدیای ئامانج دار، بەتایبەت لەسایەی شێستەکان و حەفتاکان بەدواوە، کە شانۆی کوردی لە هەلومەرجێکی تەنگەتاوی سیاسی دا بووە، لەپێنای کۆمەڵگەیاوە، ویستوویەتی زەر ئامانجی گرنگی نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بخاتە ڕوو، یان شانۆ بکاتە چەکێکی کاریگەر بۆ دەربڕینی هەستی خەڵك و ئازارەکانیان .
شانۆگەریەکانی تەڵعەت سامان، سەباح عەبدولڕەحمان، ئەحمەد سالار، جەلیل زەنگەنە، جیهاد دێپاك، مەکی عەبدوڵڵا .. زۆرینەیان کۆمەڵگا لە هەقیقەتی خۆیان دادەماڵن بەدوو ئاراستە:
یەکەکیان ئەوەیە کە دەسەڵات وەنە تراژیدیاکانی کۆمەڵگا ببینە و هەوڵی چارەسەرکردنیان بۆ بدات .
دووهەمیان: کۆمەڵگا وەك ئاوێنەیەك خۆی لێو بەرهەمە شانۆیی و درامیانەدا ببینە و هەست بەوە بکات کە ئەرکی ئەو وەك هاوڵاتیەك دەستپاچە بوون و تەماشا کردنی ئەو واقیعە نیە بۆ تەنها، بەڵکو ڕۆڵی ئەو ئەوەیە کە بەشداری لەگۆڕینی ئەو واقیعەدا بکات .
کۆمەدیای سیاسی لەسەردەمی کۆندا، لەپێنای پێکەنینەوە ڕاشکاوانە ترو ئاشکرا تر لە ئێستا، کاریگەری لەسەر هزرو دەروونی بینەردا جێ دەهێشت، ئەگەرچی هونەرمەندانی کورد، لەژێر فشای ژەمدا چاودێریکی توند دەکران و لەپێچینەوەی وردیان لەگەڵدا دەکرا، بەڵام لە سەردەمی ئازادی دا ئەو کۆمەدیا سیاسییانە ڕوو لەکەم بوونەوە بوون.
کۆمیدیای ڕەش لە ئەدەب و هونەری جیهانیدا:
بە یەکەم جار کۆمەدیای ڕەش لەمژووی نوێ دا، لەسایەی پێنجاکان و شێستەکانی سەدەی بیستەمدا لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەری هەڵدا.
کاتێ ساڵی 1064 دەرهێنەری ناسراوی ئەمریکی (ستانلی کوبریك) فیلمی (دکتۆر سترانج لاف) ی نمایش کردو باسی لەشەڕی ئەتۆم و نەمانی ژیان لەسەر گۆی زەوی دەکرد.
ئەم فیلمە دیارترین نموونەی کۆمەدیای ڕەِش بوو لەسەردەمی نوێ دا.
جاران بابەتە کانی کۆمەدیای ڕەش سنوور داربوون، بەبابەتی سەرەکی کۆمەڵایەتی، ئێستا بابەتەکان زۆر لێق و پۆپیان لە بەتاوو بچێندین شێواز دەخزێنە ناو کۆمەدیای ڕەش لەوانە:
دیاردەکانی خەکوشتن، شەڕ، تیرۆر، توندوتیژی، تاوان، ماددە

هەبەرەکان، ناپاکی، شەتی، ڕەگەزپەرستی، شۆڤێنیزم و تاوان، جگە لەسەکس و هاوشێوەکانی.
سیناریۆنووسەکان بە نووسینی ئەو بابەتە جدییانە فەرمکی کۆمەدی بەکار دێنن، بەڵام لە چوارچێوەی کۆمیدیایەکی تاریك .
ئەو بابەتانە بەگشتی وەك مرۆڤ ئازارەکی دەروونیت پێ دەبەخشن، بەڵام بە فەرمەك دەخرێنە ڕوو ناچاری ئەوە بیت لەگەڵیاندا پێبکەنی.
وەك چاپلن دەڵێت: لەناو دیمەنە کۆمیدییەکانی من گریان هەیە، بەڵام ئەوە وەك شتێك نایبینن.
ئەو خەی یەکەك بووە لەگەورەترین پاڵەوانەکانی کۆمیدیای ڕەش و بەپادشای پێکەنین ناونراوە، وەك فیلەسوفی گەورەی فەڕەنسی (جاك بوار) دەڵێت:
هەموو کتێبە فەلسەفیەکانی دنیا کەکێتێوە، نێیان توانیووە بەقەد (چاپلن) شتێی سەرمایەدارەکان بکەن و بزانن ئەو سەرمایەدارانە چۆن بەنواندنەکی بە دەنگ ێیسوا دەکرێن و تەڕێی چینی زەحمەت کەشیان لە دەکرێتەوە.
بەیە ئەو جۆرە کۆمیدیایە کۆمیدیایەکی ئاسان نین و هەموو سیناریۆ نووسەك ناتوانێت کاری تێدا بکات، ئەگەر شارەزاییەکی باشی نەبێت لەچۆنیەتی دەرخستنی پرسەکی تراژیدی لە ناوەڕۆکدا، بەڵام کۆمەدی لەشێوەدا .
نووسەرانی وەك (ویلیام فەکنەر، تۆماس بەهنکن، کورت ڤۆنگوت، جۆزێف هێلەر، مارك توین، لویس فەردیناند سێلین و جۆرج برمادشۆ، چیرەك و ڕۆمان و شیعر و شانۆنامەیان نووسیوە، قووڵبوونەوەیان لەفیلمە ترسناکەکاندا کردووە و بە شێوەیەکی کۆمیدی ڕووداوەکانیان کردووە بە وێنە.
کۆمیدیکارانی وەك لێنی بروس، جۆرج کارلین، بیل هیکس، پیتەر کوك، ساچا بارۆن کۆهین و تیپی مۆنتی پایتۆنی بەریتانی کاری زۆریان لەسەر کۆمەدیای ڕەش کردووە.
کۆمەدیای ڕەشی چیخۆف:

چێخۆف، وەك گۆگۆل، ڕەخنەی شۆرشگێڕی ئەو ئەدەبیاتە جەماوەریە تەنزئامێزەن کە سەدان ساڵە ڕووسیا بەهێزەو ناوبانگی پێ دەرکردووە.
وەك یەك ڕەخنەگر ئاماژەیان بۆ داوە، کە هەمیشە ئامادەن گاڵتە بکەن، پێبکەنن بۆ یاریانەی کە بەسەر ئەوان و گۆلانی دیکەش دادەت.
هەرکەسەك بەدواداچوون بۆ نووسینەکانی چێخۆف بکات،سەرنجی

پەیوەندییەکی دیالەکتیکی ڕاستەوخۆی نێوان پڕکەنین و ئازارو خەم و گاڵتەجاڕییەکانی دەدات، لە بازنەی کۆمیدیای ڕەش دا.
لەلایەکی دیکەوە زۆربەی نووسینە تەنز ئامێزکانی دیکەی وەک ڕەمانووسی ڕووسی (ڤلادیمێر نابۆکۆف) دەکەونە نێوان پڕکەنین و خەواڵووییەوە، یان لەنێوان تەقینەوە لەپڕکەنین و گریان.
هەندێ جاریش هەموو شتەکان لەیەک کاتدا دەن، وەک پڕکەنین و دڵتەنگی.
لەو کاتەدا تۆ ناتوانیت لایەنە خەمناکەکان بە تەنها ببینی، بەبێ بینینی کۆمیدیەکان، چونکە هەردوکیان لە هەناوی یەکتردان.
چێخۆف هەمیشە باسای ئەدەبی خۆی بەگشتی و وەک تەنزنووسێک بەتایبەتی لەژیانی ساددەی ڕۆژانەی خەڵکی و دەوروبەری وەرگرتووە، کە بەزنجیرەیەک ئۆشکێنجەو ئازار تێپەڕیوە، هەرئەو ئازارانە بوون بەسەرچاوە بۆ نووسینی چیرۆک و شانۆگەریەکانی، هەر یەک لەو بەرهەمانە پارچەیەکی بچووک بوون لەئازاری گەلەکەی.
چیخۆف لەناو ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتیە تەسکەی تێیدا دەژیا، سودێکی زۆری لەو واقیعە بینی بۆ داشتنەوەی بەرهەمەکانی، کە زۆربەیانی بەکۆمەدیای ڕەش بەرجەستەی کردوون.
لە زۆربەی بەرهەمەکانییشدا چیخۆف خەی کارکتەری ڕووداوەکان بووە، ئیدی هەر ئەو نەهامەتیانە بوون وایان لە چیخۆف کرد، ناچاری ئەوە بێت وانەی تایبەتی بەتەوە، بۆ ئەوەی نان بۆ خەی و خەزانە برسیەکەی پەیدا بکات و لە خوێندندا بەردەوام بێت.
بۆ گشتی چیخۆف یەکێک بووە لەپێشەنگەکانی کۆمەدیای ڕەش لە ڕووسیا، وەک شکسپیر لە بەریتانیاو ستانلی کوبریک لە ئەمریکاو مۆلێر لە فەڕەنسا .

حەیدەر عەبدولڕەحمان

خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ کارکتەر و ژینگەسازی لە ڕەماندا.. باکۆ

ڕەبوار

هەمان وەک ژانرەکی هونەری بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە. ئەم گۆڕانکارییانە بەتایبەتی لە بواری بنیاتنانی کارەکتەر و ژینگەسازیدا دەردەکەون، کارەکتەر وەک ستوونەکی سەرەکی لە پێکهاتەی هەماندا، ئەو بۆشایە کە خوێنەر لە هەگبەیەوە پەیوەندی لەگەڵ چیرۆکەکەدا دروست دەکات، تەنها کۆسایەتییەکی خەیاڵی نییە، بەڵکو نوێنەری کەمێک بیرکەرەوە و هەستە کە لە ناخی مرۆڤدا هەن، لەرەدا نووسەران هەوڵ دەدەن کارەکتەرکانیان بە شێوەیەکی ئاڵۆزتر و فرەڕەهەندتر دابڕێژن، ئەمەش لە هەگبەی بەکارهێنانی تەکنیکی "دەنگی ناوەکی" یان "مەنەلۆگی دەروونی"ـەوە بەدی دێت، کە تیایدا خوێنەر دەتوانێت ئاستەوخۆ بیرکردنەوە و هەستەکانی کارەکتەر بخوێنێتەوە و وەک بوونەوەرێکی زیندوو و گۆڕاو سەیری بکات، نەک وەک شتێکی جێگیر و نەگۆڕ،وە لەماوەی گۆڕانەوەی چیرۆکەکەدا بەردەوام لە گۆڕاندابێت، هەروەک چۆن مرۆڤ لە ژیانی ڕاستەقینەدا بەردەوام دەگۆڕێت.

لەلایەکی دیکەوە ژینگەسازی لە هەماندا ئەو پرسیارە کە تیایدا نووسەر جیهانێکی تایبەت بە هەوداوەکانی چیرۆکەکەی دەسازێنێت، ژینگە تەنها باکگراوندێک نییە بە هەوداوەکان، بەڵکو بۆشکی زیندوو و کاریگەر لە چیرۆکەکە، نووسەران هەوڵ دەدەن ژینگەیەک بئافرێنن کە لەگەڵ کارەکتەر و هەوداوەکاندا لە کارلێکی بەردەوامدا بێت. یەکێک لە تەکنیکە نوێیەکان لە بواری ژینگەسازیدا، بەکارهێنانی "ژینگەی دەروونی"یە، لەم شێوازەدا ژینگەی دەرەکی هەنگدانەوەی دۆخی دەروونی کارەکتەرکانە، بە نموونە کاتێک کارەکتەرێک لە دۆخێکی دەروونی نالەباردایە، دەکرێت ژینگەی دەوروبەری بە شێوەیەکی تاریک وەسف بکرێت تەنانەت ئەگەر لە ڕاستیدا وا نەبێت، هەروەها ژینگە وەک هەگبەزێکی سەربەخۆ سەیردکرێت ئەمەش وا دەکات کە ژینگە هێندێکی چالاکتر لە بەرەوپێشبردنی چیرۆکەکەدا بگەڕێت و تەنانەت دەکرێت وەک ڕەگەزێکی سەرەکی ماهێنەی لەگەڵدا بکرێت، لە هەوانگەی فەلسەفییەوە، بنیاتی کارەکتەر و ژینگەسازی لە هەماندا، دەرخەری گۆڕانکارییەکی قووڵە لە تەگەریشتنی ئەمە بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە، لەرەدا جۆرێک لە یەکبوون لە نێوان کارەکتەر و ژینگەدا دروست دەبێت، نووسەران ئێستا زیاتر گرنگی بە دروستکردنی پەیوەندییەکی ئۆرگانیک لە نێوان کارەکتەر و ژینگەدا دەدەن، ئەمەش وای کردووە سنووری نێوان ئەم

دوو ڕۆگەزە زەر جار لەت و ناڕوون بێت، بە جۆرێک کە زەر جار دەبینین ژینگە دەبێتە بەشێک لە کەسایەتی کارەکتەر و کارەکتەریش دەبێتە بەشێک لە ژینگە، لە لایەکی دیکەوە بنیاتی کارەکتەر و ژینگەسازی لە ڕەماندا، دەرفەتی نوێی بە لەکەینەوە لە بابەتە ئاڵۆزکانی وەک ناسنامە، شوناس و پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا ئافراندووە، لە ڕەمانی هاوچەرخدا، دەبینین کە کارەکتەرکان زەر جار لە ململانێی بەردەوامدان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریان، ئەمەش وەک گوزارشتێک وایە بۆ ئەو ململانێیەی کە مرۆڤی هاوچەرخ لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها گرنگیەکی تایبەتی بە چەمکی "کات" لە پەیوەندی نێوان کارەکتەر و ژینگەدا دەدات، کات وەک فاکتەرێکی گرنگ لە شێوەگرتنی کارەکتەر و گەڵانی ژینگەدا دەبینرێت، بە نموونە دەبینین کە چۆن تێپەڕبوونی کات کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی کارەکتەر دادەنێت، یان چۆن ژینگەیەک بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت و ئەم گۆڕانەش کاریگەری لەسەر چیرۆکەکە دادەنێت،ئەمە وادەکات لە ڕووی تەکنیکییەوە نووسەران شێوازی نوێ بە گۆڕانەوە بکاربهێنن بە نموونە، بکارهێنانی تەکنیکی"شێوازی ئازادی ناڕاستەوخۆ" کە تیایدا سنووری نێوان بیرکردنەوەی کارەکتەر و وێنای ژینگە تەکەدەبێت، ئەمەش بووەتە یەکێک لە تایبەتمەندیە دیارەکانی ڕەمانی هاوچەرخ، وە هەروەها کاریگەری لەسەر شێوازی خوێندنەوە و شیکردنەوەی ڕەمانیش داناوە، خوێنەر و ڕەخنەگران ئەستا زیاتر سەرنج دەدەنە پەیوەندی نێوان کارەکتەر و ژینگە، ئەمەش وای کردووە کە خوێندنەوەی ڕەمان ببێتە پرسیەکی چالاکتر و داهێنەرانەتر، کە تیایدا خوێنەر ڕۆڵێکی گرنگتر لە دروستکردنی واتادا دەگێڕێت، بنیاتی کارەکتەر و ژینگەسازی لە ڕەماندا، دەرفەتی نوێی بە لەکەینەوە لە بوارەکانی دەروونناسی و کەڵتناسی ئافراندووە و ڕەمان وەک ئامرازێک بە تەگەیشتن لە پەکهاتەی دەروونی مرۆڤ و ئەو کاریگەریانەی کە ژینگەی کەڵتوریەتی و فیزیکی لەسەری دایدەنێت، وە لە ڕوانگەی زمانەوانیەوە کاریگەری لەسەر شێوازی بکارهێنانی زمان لە ڕەماندا داناوە، نووسەران ئەستا هەوە دەدەن زمانێک بکار بهێنن کە بتوانێت ئەو پەیوەندیە ئاڵۆزەی نێوان کارەکتەر و ژینگە بە باشترین شێوە دەربڕێت، ئەمەش وای کردووە کە زمانی زەر جار لە سنووری زمانی ئاسایی تێپەڕبێت و بەرەو جۆرێک لە شیعریەت بڕوات، دەتوانم بڵێم بنیاتی کارەکتەر و ژینگەسازی لە ڕەماندا، گەڵانکاریەکی قووڵی لە تەگەیشتنی ئەمە بە چەمکی ڕەمان و ڕەڵی لە کەڵگای هاوچەرخدا دروست کردووە، ئامرازێکی گرنگتر بە تەگەیشتن لە ژیانی مرۆڤ و ئەو پەیوەندیە ئاڵۆزەی کە لە نێوان تاک و

کۆمەگادا هەیە و ئەم گۆڕانکارییە لە بنیاتی کارەکتەر و ژینگەسازیدا بەرهەمی کۆمەڵێک گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و فەلسەفییە کە لە سەدەی بیستەمدا ڕوویان داوە، وەک پەرەسەندنی بیری پۆست-مەدەرنیزم سەبارەت بە چەمکانی ڕاستی، ناسنامە و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهانی دەرەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە شێوازی بنیاتنانی کارەکتەر و ژینگەسازی لە ڕۆمانی هاوچەرخدا هەبووە، یەکێک لە گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانەی لە بواری بنیاتنانی کارەکتەردا ڕووی داوە، گواستنەوەیە لە کارەکتەری یەک-ڕەهەندی بۆ کارەکتەری فرە-ڕەهەندی، لە ڕۆمانی کلاسیکدا، کارەکتەرەکان زۆر جار وەک نموونەی بەرجەستەی تایبەتمەندییەکی دیاریکراو یان بۆچوونێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوتن، بەڵام لە ڕۆمانی هاوچەرخدا، کارەکتەرەکان زۆر ئاڵۆزتر و فرەڕەهەندترن وخاوەنی لایەنی باش و خراپن، هەڵەی مرۆیی دەکەن، دووچاری پارادۆکسی ناوەکی دەبن و زۆر جار لە نێوان بەیارەقیاوازەکاندا دەکەونە دوودڵییەوە و نەک تەنها وەنەیەکی ڕاستر لە سروشتی مرۆڤ پێشکێش دەکەن بەڵکو دەرفەتی زیاتر بۆ خوێنەر دەڕەخسێنن تا خۆی لە کارەکتەرەکاندا ببینێتەوە و هاوسۆزییان لەگەڵدا بکات، کارەکتەر تەنها بەرهەمی کردار و وتەکانی نییە، بەڵکو بەرهەمی ئەو بیرکردنەوە و هەستانەشە کە لە ناخیدا هەن، ئەمەش وای کردووە کە نووسەران گرنگییەکی زۆر بە نیشاندانی جیهانی ناوەکی کارەکتەرەکان بدەن، تەکنیکی "مەنەلۆگی ناوەکی" نموونەی بەرچاوی ئەم ڕەوتە نوێیەیە، لە لایەکی دیکەوە گۆڕانکارییە گەورەکان لە بواری ژینگەسازیدا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە گۆڕانی تەوانینی مرۆڤ بە جیهانی دەوروبەری هەیە، لە سەردەمی مەدەرنەدا زانست و تەکنەلۆژیا گۆڕانکاری گەورەیان لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشتدا دروست کردووە، لە زەربەی ڕۆمانە هاوچەرخەکاندا ژینگەی شار وەک ژینگەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەند نیشان دەدرێت کە کاریگەری قووڵی لەسەر ژیان و دەروونی کارەکتەرەکان هەیە، زۆر جار دەبینین کە سروشت وەک هەڕەشەکی زیندوو و کاریگەر لە چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت، نەک تەنها وەک پاشخانێکی جوان بە ڕووداوەکان، لە ڕووی تیۆرییەوە ئەم گۆڕانکارییانە لە بنیاتی کارەکتەر و ژینگەسازیدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە گۆڕانکارییەکانی بواری فەلسەفە و دەروونناسییەوە هەیە، بە نمونە بیرۆکەکانی فرۆید سەبارەت بە ناخودئاگا کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر شێوازی نیشاندانی جیهانی ناوەکی کارەکتەرەکان داناوە، وە بیرۆکەکانی هایدگەر سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان کاریگەرییان لەسەر شێوازی تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان کارەکتەر و ژینگە داناوە و ڕۆخنەی دەروونشیکاری کە هەوە دەدات لە ڕۆگەی

